
www.kurdistannet.org
2006-9-30 22:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فەلەکەدین کاکەیی (وەزیری رۆشنبیری) دەمەوێت بلێم کارەساتە ئەگەر وڵاتێک بەرپرسەکانی رۆژنامە نەخوێننەوە ... ئا: ئاسۆ



وەزارەتی رۆشنبیری یەکێك لە هەستیارترین و گرنگترین وەزارەتەکانی حکومەت کەڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ لایەنی رۆشنبیریی و هونەریی و کولتووریی کۆمەڵگە هەیە، بۆ قسە و باسکردن لەسەر ستراتیژیی وەزارەتی رۆشنبیریی و سیاسەتەکانی لە بەڕێوەبردنی لایەنی رۆشنبیریدا ئەم چاوپێکەوتنەمان سازدا لەگەڵ بەڕێز (م. فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی هەرێم.

ئاسۆ: لەدوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و سەلەنوی تەشکیل کردنی وەزارەتەکان دەتوانین بڵێین وەزارەتی رۆشنبیریی دەبێتە ئەو وەزارەتەی کە لەئاست خواستی رۆشنبیران و هونەرمەنداندا بێت؟

فەلەکەدین کاکەیی: داخوازیی رۆشنبیران زۆرە، ناتوانم بڵێم بەئاسانی وەزارەت دەتوانێت وەڵامی هەموو خواستەکانی رۆشنبیران بداتەوە، یەکەم ئێمە دوای سەدان ساڵە یەکەمجارە لەوڵاتی خۆماندا بەسەربەستی پرۆگرامی رۆشنبیریی خۆمان دابنێین، زۆر شت هەیە لەسەردەمی رژێمدا نەکراوە، لەسەردەمی خۆشماندا زۆر شتمان کردووە، ئێستا زۆرشت کۆبۆتەوە.

وەڵامدانەوەی خواستی رۆشنبیران وەڵامدانەوەی پێداویستی رۆشنبیریی کورد زۆری دەوێت، وەزارەت بەپێی توانا هەوڵدەدات و ئێستا خەریکی پلانێکین و نەخشەو پلانی ساڵی 2007 دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی پەسەندی بکات، تا ئەو نەخشەو پلانەمان پەسەند نەکرێت بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بەژێرخانی رۆشنبیریی و هۆڵەکانی شانۆو سینەماو شێوەکاریی و کتێبخانە کەموکورتی تێدا دەبێت.

ئاسۆ: ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئێستا پرۆژەی یاسایەك لەتاوتوێکردندایە بۆ وەزارەتی رۆشنبیریی کە یاسایەکی پێشکەوتووە، ئایا ئێستا پرۆژەی ئەو یاسایە بەکوی گەیشتووە؟

فەلەکەدین کاکەیی: کێشەکان لەیاساکاندا نییە، ئەسڵەن یاسا کۆنەکە یاسایەکی باشترە کە لە ساڵی (1992) دانراوە، پێموایە کێشەکە لە جێبەجێ کردندایە، لە میکانیزمی کاردایە، لە بودجەی وەزارەتدایە، کێشەکە لەمانەدایە، ئەگینا یاساکە کە لەساڵی (1992) دامانناوە لەپەرلەمان پەسندکرا لەسەر بناغەی چەندین یاسای وەزارەتە رۆشنبیرییەکانی دنیا دانراوە، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیا وەزارەتەکانی رۆشنبیریی هەر هەمان یاسایان هەیە کە ئێمە هەمانە، ئێستاش ئێمە یاسای تازەمان دانەناوە لەم قۆناغەدا بەڵکو هەموارکردنی یاساکەمان داناوە ئەویش بەپێی سیستەمی تازە، ئێستا چەندین بەڕێوەبەرێتی گشتی هەیە کە جاران نەبوو، هەندێك گۆرانکاریی هەیە وەك دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی ئاشووریی، کلدانی، سریانی کە بابەتێکی زمانەوانییە وەك وتیشم کەموکورتی لەیاسادا نییە ئەگەر هەشبێت لەگەڵ پرۆسەی کاری رۆژانەدا دەتوانین چارەسەری بکەین.

ئاسۆ: لەکابینەی د. بەرهەم لەئیدارەی سلێمانی بڕیارێك هەبوو بۆ هاوکاریی کردنی رۆژنامە ئەهلییەکان لەرێگەی پێدانی مینحە، بەڵام لەئیدارەی هەولێر ئەم بڕیارە نەبوو، پرسیارەکەم ئەوەیە

دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان وەزارەت هیچ یاسایەکی وای نییە کە هاوکاریی رۆژنامە ئەهلییەکان بکات؟

فەلەکەین کاکەیی: ئەویاسایە دەبێت بدرێتەوە بە پەرلەمان و دەبێت پەرلەمان پەسندی بکات. یان هەمان یاسای پێشوو کە باستکرد پەسند بکاتەوە کە لە سلێمانی هەبوو، بێگومان دەتوانین مینحە بدەین، لەساڵی 1992 یاسای وەزارەتی رۆشنبیریی کەدانرا ئەو مینحەیە نەبوو ئێستا ئێمە بۆ پێدانی مینحە دەستمان بەستراوە بەڵام دەتوانین هەندێکجار مینحەی زۆر کەم بدەین بە رۆژنامەی ئەهلی ئەویش زۆر کەمە، بەڵام دەبێت یاسایەك دابنێین بۆ یارمەتیدانی رۆژنامەکان، بەڵام پێوەرەکان چی بێت بۆ پێدانی مینحە؟

ئایا ژمارەی دەرچوونەیان شێوەی چاپکردنییەتی یان ئاستی رۆژنامەیەکە؟ بێگومان لەئایندەدا بیر لەیاسایەك دەکەینەوە بۆ یارمەتیدانی رۆژنامەکان.

نێوەند: هەست بەدابڕانی رۆشنبیرانی سلێمانی دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریی، ئێوە وەك وەزارەت چۆن دەتوانن کۆتایی بهێنن بەم دابڕانە لەنێوان خۆتان و رۆشنبیرانی سلێمانی؟

فەلەکەین کاکەیی: هۆیەك هەیە بۆ ئەو هەستی دابڕانە کە لە بنەڕەتدا دابڕان نییە، هۆکەش ئەوەیە کە بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان دانەمەزراوە، خۆی وەزارەت چەندین بەڕێوەبەرێتی گشتی تێدایەو دووسی بەڕێوەبەری گشتی تازەش پێکهێنراوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەش دانران بە هیچ شێوەیەك ئەو دابڕانەی کە هەستی پێدەکرێت نامێنێت، من دەمەوێت پێتبڵێم پەیوەندیمان بەدامودەزگاو فەرمانگەکانی سلێمانییەوە بەردەوام و رۆژانەیە.

ئاسۆ: دێمە سەر پرسیارێکی گشتی، لەماوەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان سازدران لەدژی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هاوکات بۆ سزادانی ئەو کەسانەی گەندەڵی لە پۆستە کارگێڕییەکاندا دەکەن ئایا حکومەت دەتوانێت ریفۆرم بکات لە سیستەمەکەیدا کە تا زۆرترین ڕاددە گەندەڵی تێدایە؟

فەلەکەین کاکەیی: ئێستا لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران خەریکین وکۆمەڵێك پرۆژەمان لەبەردەستە یەکێك لەوانە دانانی پلانە، بۆ یەکەمجاریشە وەزارەتێکمان هەبێت کەپێی دەڵێن وەزارەتی پلاندانان و هەر وەزارەتێك پلانی خۆی دەنێرێت بۆ ئەو وەزارەتە و ئەویش هەمووی یەکدەخات و دەیکاتە پلانی حکومەت بۆ ساڵی 2007. ئێستا زۆربەی زۆری وەزارەتەکان بەبی پلان کاردەکەن لەبەرئەوەی سیستەمی کاری ئیدارەکان جیاوازبوون.

مەسەلەی گەندەڵیش پەیوەندیی هەیە بەدوو لایەن، یەکەم کە بەرنامە نەبوو گەندەڵی دروست دەبێت هەندێك هەیە دەرفەت وەردەگرێت لەو بەرەڵڵاییەی کە هەیە، لەساڵی داهاتووەوە دەبێت ئێمە بتوانین پلانەکەمان بەڕێکوپێکی دابنێین و چاودێریی دروست دەکەین، یەکەم شتیش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئەوەیە کە دەزگای چاودێریی و پشکنین بەهێز بکەین.

ئەوانەی کە بەرپرسی کەموکورتییەکانن بانگ بکرێن بۆ لێپرسینەوەیان و لێکۆڵینەوەیان. بۆیە من دەڵێم یەکەم شت بۆ لەناوبردنی گەندەڵی پشکنین و چاودێریی ناو حکومەتە، دەبی حکومەت ئەم دەزگایە بەهێزتر بکات، دووەهەم چاودێریی کردنی بەرپرسەکان لەلایەن حکومەتەوە و بایەخدان بەڕای گشتی و رۆژنامەکان، بێگومان ئەو خەڵکەی کە خۆپیشاندان دەکەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دەبێت سوپاسیان بکەین کە ئەوانیش قبوڵی ناکەن گەندەڵی هەبێت.

ئاسۆ: وەزیرو کاربەدەستانی حکومەت لەتەلارەکانیان نایەنە دەرەوە وەك دەوتری بەرپرسەکان لەکۆشکەکانی خۆیانەوە سەیری جەماوەر دەکەن، پێتوانییە کاتی ئەوە هاتووە کاربەدەستان راستەوخۆ بچنە ناو خەڵك و لەنزیکەوە گوی لەداواکانیان بگرن؟

فەلەکەین کاکەیی: بێگومان ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە بەنیسبەت هەر بەرپرسێك حیزبی بێت یان حکومی بێت، کە نزیك بێت لەو جەماوەرەی کە هەیەتی، من ڕۆژانە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نووسەرانم بینیوە و زۆربەی شارەکان چووم، بڕیارێك بوو لەم هەفتەیەدا سەر لەسلێمانی بدەم بۆ هەمان مەبەست، بەڵام دوو کۆبوونەوە هاتە پێشم دەربارەی دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکان نەمتوانی بچم بەڵام لەم دوو هەفتەیەی دوایدا دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسی دەزگاکانی ڕۆشنبیریی لەسلێمانی هاتن بۆ ئێرەو من هەموویانم بینیوە.

ئاسۆ: بەرپرسە حیزبی و حکومییەکان بەردەوام ڕۆژنامەنووسان بەوە تاوانبار دەکەن کە هێرشی ناڕەوا دەکەن و تۆمەت بۆ حکومەت و بەرپرسە حیزبییەکان دروست دەکەن تۆ چۆن لەمە دەڕوانی؟ ئایا نەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکان لەلایەن بەرپرسانەوە چی دەگەیەنێت؟

فەلەکەین کاکەیی: سەرەتا دەمەوێت بڵێم کارەساتە ئەگەر ولاتێك بەرپرسەکانی ڕۆژنامە نەخوێننەوە، من تەواو بەپێچەوانەی ئەوقسانەم کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەکان دەکرێت ڕاستە ڕەخنەی تێدایە، ڕاستە هەندێك نووسین تیژە، هەندێك نووسین توندوتیژیی تێدایە بەڵام من دەڵێم ڕۆژنامە مامۆستایە ئەمە بەجیا لە ئایدۆلۆژیی و بیروڕای، بەجیا لە زمانەکەی کە تورکییە یان عەرەبییە یان کوردییە.

ڕۆژنامەگەریی هونەرێکی زۆر سەیرە، جاری بۆخۆی ڕۆژنامەنووسی شەریفترین پیشەیە ئەم پیشەیە هەم بازرگانییە هەم فیکریی و سیاسییە لە هەمان کاتیشدا پەروەردەییە، من ئەگەر باسی خۆم بکەم ئەڵبەت من لەرۆژنامەوە شت فێربووم و گەیشتوومەتە ئەم قۆناغەی ئێستا.